www.kurdistannet.org
02/04/2002 18:58

# پـايــــــــــــز!!

حەسەن سەيد باقى

ڕۆژێکی‌پایز، گەڵای دارەکان زەرد هەڵگەڕابوون، سەوزی بەهار لەگەڵ هەڵکردنی کزەبایی‌یەکی ساردا زەردتر هەڵدەگەڕا، چەشنی سیمفۆنیایەکی خەمڕەوێن هەڵدەوەرین، وەسەر ئەرزیان فەرش دەکرد بەڕەنگاو ڕەنگیّ، کە هەر لەسروشت دێت ئەوکارە.

غەریبەکانیش هەمیشە بەتەنیایی و لەخەم و خەیاڵدا دەژین، رەنگ زەرد، لێوبەبارو لەئەندێشەی قوڵ و بیری خۆشەویستە لێجیّ ماوەکانیان. لەوێستگەی شەمەندەفەر چاوەڕوان بوو، ئۆقرە لێبڕاو بۆ گەڕانەوەی هەوارگەی ساردو خاڵی. لەسەر کورسیەکی ئاسنین دەستەکانی لەنێو گرفانی نابوو، کزهەڵتروسکابوو، بیری لە رۆژانی پڕ ئێش و ئازاری رابووردوویی و داهاتووی نادیاری دەکردەوە، لەو ساتە وەختەدا پیرە ژنێك سەرەداوی خەیاڵی پساندو چونە دنیایەکی ترەوە، دنیای جیاوازی مرۆڤەکان، رەنگەکان.. پیرە ژن هەمان ئازاری هەڵگرتووە بەڵام بەشێوەیەکی‌تر، سێوێکی بەدەستەوە بوو.

- ئەو سێوەی تۆ دەیخۆیت زۆر باشە پڕە لە ڤیتامین.
- بەڵیّ، لە باخچەی ماڵەکەماندا هەموو شت سروشتیە، بەتەنیا دەژیم ! تەنهایی زۆر سەختە، لەوکاتەی هاوسەرەکەم مردووە من بە تەنیام لە باخچەکەماندا.
- هەموو شت لێرە کیمیاوی گەشەی پیّ دەکرێت، شتەکان سروشتی نین، تا مرۆڤەکانیش! ئای تەنیایی بەڕاستی سەختی، لای ئێمە وانییە، مرۆڤەکان پێکەوەن، سۆزیان هەیە، لەئێش و ئازاری یەك ئاگادارن، بەڵام لێرە..!
- بەڕێزتان لەکوێوە هاتوون؟!
- کوردستان، سەروی عێراق، مرۆڤی سادە لەسرشت و جوانیدا دەژی،
- ئێرەش کاتێك مندالّ بوین هەرئاوەها بوو، ئایا لای ئێوە سەرپۆش و پەچە هەیە،
- ئاساییە
- لای ئێمەش هەروەها بوو، ئەو ژیانە زۆر خۆش بوو، بەڵام پیشەسازی و ئابووریەکەمان وادەخوازیّ، کاتمان نییەو..
- بەڵیّ، وایە کاتێکی خۆش بوو، خۆشتر بۆ دەخوازم
- منیش هەروەها (چوس)

ئای لەم دنیایە چەند سەیرە (هالۆ و بای) ە، مرۆڤ چۆن بتوانێت خۆی بگونجێنێت، چل سالّ لەگەڵ ئێش و ئازارەکان، جوانی سروشت و خۆشەویستەکان، دلّ سافی و سادەیی بۆ دنیایەکی جەنجالّ و وەرەو بڕۆو نەمانی هیچ سۆزێك، ئا زۆر سەختە ! لەو بیرکردنەوانەدا بوو پەتی خەیاڵی جارێکی تر پسا!!

- دەتوانم لێرە دانیشم؟

* بەڵێ، بۆنا !

بێدەنگیەك بەسەر هەردولا باڵی كێشا، كیژە باڵابەرزە قژ زەردەكە پەرتووكی دەرهێناو زۆر بەئارامی دەستی بەخوێندنەوە كرد، جارجارێك بەتیلەی چاو نیگای دەكردو وەك چاوەڕوانی شتێك بێت، لەدنیایەكی تردا مەلەی دەكرد،چویە نێو خەیاڵاتەوە، لەناكاودا پشیلەیەك میاواندی، ڕاچڵەكی و بویە هۆی شەتەك دانی پەتی گفتوگۆ.

- ● دەزانی پشیلەیەكی گەورەیە؟
- بەڕاستتە ! !
- ● بەڵێ، وا لەپشتەوەیە، بەڕێزتان خەریكی خوێندنەوەن؟!
- بەڵێ
- ● ئێوە زۆر دەخوێننەوە، ئایا پەرتوكی زانكۆیە ؟
- وایە، بەڵام ئەوە پەرتوكی ترە، پێویستە مرۆڤ بخوێنێتەوە، تازانیاری زیاتری هەبێت، ئەوە تۆلستۆیە، ئەو ناوەت بیستووە، حەزتان لەخوێندنەوەیە؟!
- ● بەڵی بیستوومە، هەروەك مەكسیم گۆركی و هینریشیئێوەو.. بەڵام ئێستا زۆر حەزم لەخوێندنەوە نییە، !
- خەڵكی كوێیت؟!
- ● ئەم پرسیارە هیندە دووبارەو سێ بارە بووەتەوە، لەبەرم كردووە، خەڵكی كوردستانم، سەروی عێراق..! بەڵێ لای ئێمە ئاسایی نییە لەگەڵ كیژۆڵەیەكی وەك تۆ قسان بكەی، خۆشەویستی بەنهێنیە، بەڵام دەرونی وپاكە،هەمووشت جیایە.

ژیانێكی سەیرە هەمووشتەكان لەگۆڕاندان تا مرۆڤ و پەیوەندیەكانیش.

- دەتوانم پرسیارت لێ بكەم ؟!
- ● بەڵێ بۆ نا !، لەبەر خۆوە لەوەتەی هەین پرسیارمان لێدەكرێت و كەس گوێمان لێناگرێت و لێمان ناگات.
- چۆن؟
- ● هیچ لەگەڵ خۆمدا دووام.
- ئێ باشە، ئافرەت لای ئێوە چادر بەسەرە، چۆن دەژین، بەڕاستی ژیانێكی ناخۆشە
- ● لای ئێمە، كوردستان مرۆڤ تاڕادەیەك ئازادە، هەندێك شارۆچكە نەبێت، ئافرەتەكان جلی ئاسایی و مۆدەیان لەبەردایە، بەڵام كەل وپەلی خۆماڵی گەورە ژنان لەبەری دەكەن، لایەك جوانە ولایەك ڕێزی پێوەیە.
- ئەی چۆن دەڵێن، ئافرەت ئازاد نییەو دەبێت چادرلەبەر بكات؟!
- ● نا، ئەوشێوازە لای ئێمە نییە، ئەوە ئێرانە، بەڵام ئازادی بەچ دەپێویت ؟ ئەوەی لێرە هەیە لای ئێمە نییە، ئەوەی ئێوە پێی گەشتون بەری ڕەنجی خەباتی ڕۆزا و كلارا و هاوڕێكانییەتی، لەگەڵ ئەوەش

پەیوەندیەکان تێکشکاون، خۆشەویستی لەناخەوەنییە.لەم گفتوگۆیەدابوون، شەمەندەفەرەکە وەستا دەمەتەقییەکە گەشتە کۆتایی و..

لەدابەزیندا جارێکی تر خۆشحاڵی ئەو کاتەی کرد پێکەوە بوون،

- دەزانی کاتێکی خۆش بوو بەڵام کورت بوو، دەتوانین یەکتر ببینین ! !

- چۆن ؟

- دیسان بەرێکەوت،

لەوکاتەدا زۆر بەهێمنی ولاوازیەکەوە ووتی:

- باشە.

ڕێکەوت زۆرجار دەبێتە پێویستی و گەشەیە بۆ پەیوەندیە مرۆڤایەتییەکان.

**ئەڵمانیا**

©Kurdistan Net